# چەند ڕاستکردنەوەیەکی "مێژووی ئەگیل و پالوو" لە "ذەیل"ی "شەمعی"دا بۆ شەرەفنامەی بدلیسی

مەنسوور سدقی
(ئەڵمانیا)

(٢ - ٢)

**یەکەم هێرشی عوسمانی بۆ سەر قەڵای "چەهرین"- ١٦٧٧ی ز.**

سوڵتان محەمەدی چوارەم کە خۆی بە خاوەنی ناوچەی باڵی ڕاستی "دنیپەر" دەزانی، لە کۆتایی مانگی ئایاری ساڵی ١٦٧٧ی زایینیدا، سوپای عوسمانی بە فەرماندەیی "ئیبراهیم پاشا"، ڕەوانەی گرتنی قەڵای "چەهرین" دەکات. هاوکات، فەرمان بە "سەلیم گەرایخان"ی تەتەر، حاکمی نیمچە دوورگەی کریمە دەدا، یارمەتی هێزەکانی "ئیبراهیم پاشا" بدات. ئیبراهیم پاشا کە لە نێو ڕووسەکاندا بە "شەیتان" ناوبانگی دەرکردبوو، لە بەهاری ساڵی ١٦٧٧ی زایینیدا، هێزەکانی لە ڕووباری "دانووب" دەپەڕێنێتەوە و لە کۆتایی مانگی ئایاری هەمان ساڵدا دەگاتە نێو خاکی ئۆکراینیا. ژمارەی ئەم هێزانە لە نێوان ٦٠ بۆ ٨٠ هەزار خەمڵێنراوە. ئیبراهیم پاشا وای لێکدابووەوە کە لە ماوەی ٣ ڕۆژدا قەڵای "چەهرین" داگیر دەکات، پاشان بەرەو گرتنی شاری "کییەڤ" وەڕێ دەکەوێ(٣٤).

٩ هەزار سەربازی سوپای ڕووسیا بە فەرماندەیی سەرهەنگ "ئافاناسی تراوڕنیخت" بەرگرییان لە قەڵا دەکرد.

لە ٣٠ی تەمووز، یەکە پێشڕەوەکانی سوپای عوسمانی، و لە ٣ی مانگی ئابیشدا، هێزە سەرەکییەکانی عوسمانی و تەتەر قەڵای "چەهرین" گەمارۆ دەدەن. لە ٥ی ئاب، ٤٠ هەزار سوپای عوسمانی و تەتەر دەگەنە بناری قەڵا و هێرش بۆ گرتنی قەڵا دەست پێ دەکەن. شەڕێکی سەخت و دژوار دەست پێ دەکات. لە ١٧ی ئاب، سوپای عوسمانی بەناچاری تەواوی هێزی خۆی دێنێتە گۆڕەپانی شەڕەکە، بەڵام ئاکامێکی نابێ.

## دووەم هێرشی عـوسـمـانی بۆ سـەر قـەڵای :چەهرین" ١٦٧٨ی ز.

بەسەرهاتی ڕۆژانەی شەڕی دووەمی قەڵای "چەهرین"لە بیرەوەرییەکانی "پاتریک گۆردن"(٣٩)دا، بەتێروتەسەلی باسکراوە کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو بیرەوەرییانەی دەکەین.

دەوڵەتی ڕووسـیـا پاش شـەڕی یەکـەمی "چەهرین"، مکووڕبوو لەسەر سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی بەسەر باڵی ڕاستی "دنێپەر" و هاوکاتیش پێوەندی دیپلۆماتی لەگەڵ دەوڵەتی عـوسـمـانی دامـەزراند و لە ١٢ی دیسـەمـبـەری ساڵی ١٦٧٧ی زایینیدا، "فیـۆدۆر ئەلێکسیڤیچ"ی وەک باڵوێزی خۆی بۆ پێکهێنانی ئاشتی، ڕەوانەی ئیستەنبوڵ کـرد، بەڵام ١٦ ڕۆژ دواتر ئاشکرا بـوو کـە هێـزەکـانی عوسمانی لە بۆ زستان لە هەردوو باڵی ڕووباری "دۆن" جێگیـر بوون و سـوڵـتـان مـحـەمـەدی چوارەم لە وەڵامی ئاشتی ڕووسیایدا، لە نامەیەکدا داوای تەواوی ناوچەی باڵی ڕاسـتی "دنێـپـەر" و چوڵکردنی قەڵای "چەهرین" لە هێزەکانی ڕووسیا دەکات(٤٠).

زۆربەی کاربەدەستانی عوسمانی لایەنگری پێکهاتن و ئاشتی لەگەڵ ڕووسیا بوون، بەڵام "قەرە مستەفا پاشا"، وەزیری مـەزنی عـوسـمـانی خـوازیاری قـەرەبووکـردنەوەی شـەرمـەزاری شکستی هێزەکانی عـوسـمـانی لە شـەڕی یەکەمی "چەهرین" بوو و سوپای عوسمانی بۆ شەڕ ئامادە دەکـرد(٤١). بەم شێـوەیە هەردوو لا خۆیان بۆ شـەڕێکی دیکە لە قەڵای "چەهرین" ئامادە دەکرد.

تێکـهـەڵچـوونەکـانی ئەم جـارە بە شـەڕ لەنێـوان تەتەرەکـانی کـریمە و هێـزەکـانی ناوچەی "زاپارۆژیا"ی ئۆکـراینیـا دەست پێ دەکـات، تەتەرەکـان سنوورەکـانی ئۆکراینیا تێدەپەڕێن، پاشان "ئیڤان سێرکۆ"ی ئۆکراینی، "گێـتـمـان"ی "زاپارۆژەیا"ی ئۆکراینیا، دەگاتە باشووری ڕووباری "دنێپەر" و کاروانێکی هێزەکانی عوسمانی لە قـەڵای "کـەرمـەن قـێـزێ"(٤٢) تێک دەشکێنێت کـە بۆ دووبارە گـەمـارۆدانی قـەڵای "چەهرین"، خـەریکی گواستنەوەی هێز و کەلوپەلی سەربازی بوون(٤٣).

١٩ی تەممووزی سـاڵی ١٦٧٨ی ز، هێـزەکـانی عـوسـمـانی پاش گـەمـارۆی قـەڵای "چەهرین" داوای ڕادەستکردنی قەڵاکە دەکەن. ئێوارێ هەمان ڕۆژ، ٢٢٠٠ هێزی دیکەی سوپای ڕووسیا دەخزێنە نێو قەڵا و ژمارەی



چیگرین

٢٠ی ئاب، هێـزێکی ٨٠٠ کـەسی سـوپای ڕووسـیـا بەنهێنی بەنێو گەمارۆکەدا تێپەڕ دەبن و خۆیان دەربازی نێو قەڵا دەکەن. ٧ ڕۆژ دواتریش هێزەکانی "ئیبراهیم پاشا"(٣٥) لە ناوچەی "بووژین" ناتوانن پێش بە سوپای "ڕۆمـۆدانۆڤسکی" بگرن کە خـەریکی پەڕینەوە بوون لە ڕووباری "دنێپەر" تا یارمەتی بەرگریکارانی قەڵا بدەن. لە شەڕێکی سەختدا کە لە ڕۆژانی ٢٧ و ٢٨ی ئاب دا ڕوودەدات، سوپای "ئیبراهیم پاشا" و تەتەرەکانی کریمە تووشی شکستێکی مەزن دەبن و شەوی ٢٩ ئاب ساڵی ١٦٧٧، بەناچاری بنکە و بارەگاکـانیـان دەسـوتێنن و دەست لە گـەمـارۆی قـەڵای "چەهرین" هەڵدەگـرن و پاشەکشە دەکەن(٣٦).

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ٣٠ی ئاب هێزە هەواڵگرییـەکـانی سوپای ڕووسیا، تا ٤٠ کیلۆمـەتری قەڵای "چەهرین"، هیچ نیـشـانەیەک لە هێـزەکـانی عـوسـمـانی لەم ڕۆژەدا نەبینرابوون(٣٧).

پاش ئەم شکـسـتـە، سـوڵـتـان مـحـەمـەدی چوارەم، "ئیبراهیم پاشا" و "سەلیم گەرایخان"ی تەتەر لێ دەخات و لەجـێـگەیاندا "کـوێر حـوسـێن پاشـا" و "مـوراد گەرایخان"ی تەتەر دادەنێ(٣٨). ڕووسیاش هێزەکانی لە تەواوی نـاوچەکـانی باڵی ڕاستی ڕووباری "دنێـپـەر" جێگیر دەکات.

وەک پێشتر باس کرا، "شەمعی" لە "دوو ذەیل"دا هیچ ئامـاژەیەکی بەم شـەڕە نەکـردووە. ڕەنگە سـوپای دوو میرنشینی ئەگیل و پالوو لەم شەڕەدا، بەشدار نەبووبن.

هێزەکانیان دەگاتە ١٣ هەزار و پێنجسەد سەرباز، ٤ هەزار پتر لە شەڕی یەکەم(٤٤). شەمعی لە: دوو ذەیل"دا دەڵێ: "گرتنی قەڵاکە لە ترسی ١٠ هەزار سوارەی مەلعوونی «سرکە» (هەمان "ئیڤان سێرکۆ) کارێکی نەگونجاو بوو"(٤٥).

شەڕێکی دژوار دەست پێ دەکات و هێزەکانی عوسمانی ڕۆژانە تا ١٠٠٠ تۆپ ئاراستەی نێو قەڵا دەکەن(٤٦). لە دەوروبەری بەرزاییەکانی "تیسمانی" و لە نزیک "چەهرین"یش هێزەکانی عوسمانی پێش بە سوپای "ڕۆمۆدانۆڤسکی" دەگرن، بەڵام "ڕۆمۆدانۆڤسکی" لەترسی کەوتنە نێو گەمارۆ، پەلە لە ناردنی هێزەکانی بۆ یارمەتیدان بە بەرگریکارانی قەڵای "چەهرین" ناکات، تەنانەت لە ١١ی ئاب ساڵی ١٦٧٨ی ز، فەرمانی پاشەکشە بە هێزەکانی نێو قەڵا دەدات و ڕۆژی ١٢ی ئاب هێزەکانی خۆی دەکشێنێتەوە و لە "دنێپەر" دەیانپەڕێنێتەوە باڵی چەپ.

سەرەنجام لە ٢٢ی ئابی ساڵی ١٦٧٨ی ز، هێزەکانی عوسمانی بەتێکشکاندنی دیوارەکانی قەڵا، "چەهرین" داگیر دەکەن(٤٧). هێزەکانی نێو قەڵاش بەتێکشکاوی بۆ پەڕینەوە لە "دنێپەر"، دەکشێنەوە و هێزەکانی سوپای عوسمانی بەرەو "دنێپەر" ڕاویان دەنێن، تەنانەت لەدواییاندا لە ڕووبارەکەش دەپەڕنەوە (٢٤ - ٢٦ ئاب)، بەڵام پاش لەدەستدانی گەلێک هێز، ناچار بە پاشەکشە دەبن، ئەمە هەمان شەڕە کە شەمعی زۆر بەکورتی ئاماژەی پێ دەکات:

"مەلعوونێکی قەڕالی مۆسکۆ - کە ناوی «رمدانسقۆ» (هەمان "ڕۆمۆدانۆڤسکی") بوو، لەگەڵ سوپایەکی سێ چوار سەد هەزار کەسی کافراندا، خۆی لە ناوچەی «ئووزی سوو» (هەمان ڕووباری "دنێپەر")، ئامادە کردبوو. لە لایەن وەزیری ئەعزەم-مستەفا پاشاوە، فەرمانی دەرچوو، کە قەپلان پاشا ببێتە سەرکردەی ئەو سوپایەی وا چەندها بەگ و پاشای تێدابوو.

لە کاتی شەڕدا حەزرەتی مستەفابەگ، حاکمی ئەگیل و حەزرەتی محەمەد قۆجور بەگ- حاکمی پالوو، پێشەنگی و پاڵەوانییەتێکی زۆریان لەخۆ نیشان دا، تەنانەت حەزرەتی محەمەد قۆجور بەگ بە سواری ڕووی کردە سوپای کافران و زەبری بازوویەکی ئەوتۆی نیشاندان و نێزەی ئەوتۆی وەشاند کە گیانی چەپەڵیان پەڕییەوە دۆزەخ..."(٤٨).

"شەمعی" بەشێوەیەک باسی شەڕ لەگەڵ "کافران" دەکات کە گوایە هێزەکانی عوسمانی هەموویان "موسڵمان" بوون، لە کاتێکدا "ئەلێکساندر پاپۆڤ، مێژوونووسی ڕووس سەبارەت بە هێزەکانی عوسمانی، (قەرە مستەفا پاشا) دەڵێ: "لە کۆتایی مانگی نیساندا (ساڵی ١٦٧٨ی ز) هێزەکانی "وەزیری ئەعزەم لە شاری «ئیساکچیا»(٤٩) جێگیر دەبن، پاشان سوپای میرانی «ڤالاچیا»(٥٠) و «مۆلداڤیا»(٥١)، و ٤ هەزار "کازاک"(٥٢)ی «یووری خمێلنیتسکی»(٥٣) پاش پەڕینەوەیان لە ڕووباری «بووگ»(٥٤)، تێکەڵ بە هێزەکانی عوسمانی دەبنەوە و... بە دوو قۆناغ دەگەنە «چەهرین»"(٥٥).

دوابەدوای کشانەوەی سوپای ڕووسیا، هێزەکانی عوسمانی لە ٢٣ی (ئاب)دا پاش سووتاندن و وێرانکردنی قەڵای "چەهرین"، سەنگەرەکانیان جێ دێڵن و لە ٢ی سێپتەمبەری ساڵی ١٦٧٨ی زاینیدا، ناوچەکە چۆڵ دەکەن.(٥٦)

بەپێی ڕاپۆرتی فەرمانگەی تایبەتی سوپای ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا بۆ ڕاگەیاندنی فەرمانەکان، لەم شەڕەدا هێزەکانی سوپای ڕووسیا ٣٢٩٠ کوژراو و دیل و بێسەروشوێن، ٥٤٣٠ برینداریان هەبووە کە جێگەی باوەڕ پێکردن نییە(٥٧). ژمارەی کوژراوانی سوپای عوسمانی لەم شەڕەدا، زۆر ڕوون نییە، بەڵام دیپلۆماتی فرانسی، "دێ لا کرۆ"(٥٨) لە ڕاپۆرتی خۆیدا ئاماژە بە ٣٠ هەزار کەس دەکات، هەروەها دەڵێ تورکەکان دانیان بەوەدا ناوە لە هیچ کام لە سەرکەوتنەکانماندا ئەوەندی ئەم سەرکەوتنە، هێزمان لەکیس نەچووە(٥٩).

سوڵتان محەمەدی چوارەم ٣ ساڵ پاش ئەم سەرکەوتنە کاتێک ئیتر نەیتوانی هەموو ئامانجەکانی خۆی لەم ناوچەیە دەستەبەر بکات و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ هێرش بردنە سەر شاری "ڤین Wien"، پێویستی بە هێزێکی زۆر هەبوو و لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لە ئەورووپا تووشی گەلێک سەرهەڵدانی دانیشتوانی بووبووەوە؛ ناچار ڕێگەی ئاشتی و پێکهاتنی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا هەڵدەبژێرێ و سەرەنجام لە ١٣ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٦٨١ی زایینیدا، "ڕێککەوتنامەی باخچەسەرای"(٦٠) لەگەڵ

ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا واژۆ دەکا، ئەگەرچی قەڵای "چەهرین" و ناوچەی باڵی ڕاستی ڕووباری "دنیپەر" وەدەست دێنێ، بەڵام دەست لە ناوچەی ڕۆژاوای ئۆکراینیا هەڵدەگرێ، تا هێزی پێویست بۆ داگیرکردنی "ڤیەن" ئامادە بکات(٦١).

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە پاش ئەم شکستە، تۆمەتی خەیانەت خرا سەر "ڕۆمۆدانۆڤسکی" کە سوپاکەی لە ٢ میلی قەڵای "چەهرین" بووە و فریای بەرگریکارانی قەڵاکە نەکەوتووە و هێزەکانی کشاندووەتەوە. دەنگۆی ئەوەش هەبووە کە ناوبراو لەژێر هەڕەشەی تورکەکان ئەم بڕیارەی داوە. گوایە کوڕی "ڕۆمۆدانۆڤسکی" لەلایەن سوپای عوسمانی بەدیلی گیرابوو و تورکەکان هەڕەشەیان لێ کردبوو کە دەیکوژن و کەوڵەکەی پڕ دەکەن لە کاو بەدیاری بۆی دەنێرنەوە(٦٢). ئەم پرسە تا ئێستاش ڕوون نەبووەتەوە.

**٦) سەرکردەیەکی سوپای ڕووس بەناوی "سرکە، یان سیرکە"**

وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، شەمعی لە لاپەڕی ٨٣ی "ذەیل"ـەکەیدا، باسی "مەلعوون"ێک دەکات بە ناوی "سرکە" کە بە ١٠ هەزار سوارەوە بەرگری لە قەڵای "چەهرین" کردووە. پێشتر بەکورتی ناوی ڕاستەقینەی "سرکە"مان ئاشکرا کرد، ئێستا پتر باسی دەکەین.

"سرکە"، یان بە بۆچوونی ئەنوەر سوڵتانی، "سیرکە"(٦٣)، هەمان "ئیڤان دیمیتریڤیچ سێرکۆ، یان سیرکۆ"(٦٤)، ئاتامان"ێکی کازاکی ئۆکراینی بووە لە ناوچەی "زاپارۆژیای پۆڵەندا-لیتڤانی"، گوایە کاتێک لە دایک بووە، ددانی لە دەمدا هەبووە و باوکی بۆ ڕەواندنەوەی ترس و دڵڕاوکێی دەوروبەری، گوتوویەتی "کوڕەکەم بەم ددانانەی دوژمنانمان کەوڵ دەکات!".

"سێرکۆ"، شەڕکەرێکی گەلێک ئازا و بەناوبانگ بووە و لە ماوەی ژیانیدا بەشداری لە نزیک ٢٤٤ شەڕ و پێکدادانی سەربازی بچووک و مەزندا کردووە. تورکەکان بە "عرووس شەیتان" ناویان هێناوە (ئەگەرچی ڕووس نەبووە و ئۆکراینیی بووە) و ژنانی تورک بەناوهێنانی، منداڵانیان ترساندووە. هەرگیز بەکەمی سەیری دوژمنی خۆی نەکردووە و پاش هەر سەرکەوتنێک لە شەڕدا، هیچ دەستکەوتێکی بۆ خۆی هەڵنەگرتووە(٦٥). بەشدار بووە لە ڕاپەڕینەکەی "بۆهدان خێملینتسکی"(٦٦) ئاتامانی کازاکەکانی "زاپارۆژیا"ی ئۆکراینیا کە لە ساڵانی ١٦٤٨-١٦٥٤ی زایینیدا، لە دژی دەسەڵاتی دەوڵەتی پۆڵەندا-لیتڤانی و زۆرداری فیۆداڵەکانی ناوچەکە، هەڵایسابوو. لە شەڕی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا لەگەڵ عوسمانی و تەتەرەکانی کریمە، لە ڕیزی سوپای ڕووسیادا بووە، ئەگەرچی لە ساڵی ١٦٥٤ی زایینیدا، سوێندی وەفاداری بۆ قەیسەری ڕووسیا، "ئەلێکسیسی یەکەم"ی بەجێ نەهێنا و کەوتووەتە بەر تووڕەیی ئەو، بەڵام دواتر کاتێک هەستی بە مەترسی هێرشی سوپای عوسمانی بۆ قەڵای "چەهرین" دەکات، دیسان لەبەرەی سوپای ڕووسیادا شەڕی کردووە(٦٧).

"ئیڤان سێرکۆ" لە ساڵی ١٦٨٠ی زایینی و لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی لە دەرەوی گوندی "کاپوولۆڤکا" لە کەنار ڕووباری "دنیپەر" دەنێژرێ. لە ساڵی ١٩٦٨ی زایینیدا، پاش سازکردنی بەنداوی " کریمێنچووک" و کەوتنە ژێر ئاوی گۆڕەکەی، ئێسکوپرووسکی لە نزیک هەمان گوند دەنێژنەوە، بەڵام کاژەڵەی (ئێسکی کەللەسەری) دەگوازنەوە بۆ مۆسکۆ و پسپۆڕی ئاکادیمیکی بەناوبانگی ڕووس، "میخاییل گراسیمۆڤ"، کار لەسەر دووبارە سازکردنەوەی سیمای "ئیڤان سێرکۆ" دەکات. لە ساڵی ١٩٩٠ی زایینیدا، کاژەڵەی "سێرکۆ" دەگەڕێننەوە ناوچەکە، بەڵام ماوەی ٧ ساڵان لە نێو سندووقی بەرپرسێکی فەرمانگەی کولتووری ناوچەکە دەمێنێتەوە، سەرەنجام لە ساڵی ٢٠٠٠ی زایینیدا، پاش هەوڵ و داواکاری گەلێک لە مێژوونووسان، دەیگەڕێننەوە بۆ نێو گۆڕەکەی(٦٨).

**٧) سەفەری "لیح"**

"شەمعی" لە بەشی مێژووی حاکمانی پاڵوودا، دەڵێ:

"لە تەئریخی ١٠٨٣ی کۆچی/١٦٧٢ز/دا، کە سوڵتان محەمەدی غازی چوو بۆ سەفەری «قمایە»، فەرمانی پیرۆزی گەیشتە حەسەن پاشای والی دیاربەکر، کە لەگەڵ سەرجەم حاکمانی کوردستاندا بچن بۆ سەفەری قمایە. ینصور بەگیش ڕووی کردە ئەو هوردوە بەرزە و لەگەڵ پادشاهـ- واتە حەزرەتی سوڵتان محەمەدی غازیدا، چوو بۆ سەفەری قمایە. عەسکەری ئیسلام سەرکەوتوو و زاڵ بوون و قمایەیان فەتح کرد. دوای ماوەیەک، سەرلەنوێ فەرمانی پادشاه دەرچوو، کە بچن بۆ سەفەری «لیح»"(٦٩).

لە ژێرنووسی ژمـــــارە ٢ی ئەم لاپەڕەیەدا ئەنوەر سوڵتانی، سەبارەت بە واتای "لیح" دەڵێ:

"ئەم شـەڕی «لیح»ـەیش وادەردەکەوێ لەگـەڵ سـوپای رووسدا بووبێت".

"لیح" واتایەکی تورکی عوسمانی بووە بۆ "لێهـ"، یان "لێخ"(٧٠) و لە سـەردەمی عـوسـمـانیـدا بە وڵاتی "پۆڵەندا" گوتراوە. لە کتێبی "ترجمە تقویم التواریخ" یشدا بە فارسی لە چەند شوێن ئاماژە بە "قرال لە"، واتە "ئیمپراتۆریەتی لێهـ" کراوە.

شەڕی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دەوڵەتی هاوپەیمانی پۆڵاندا-لیتڤانی، واتە "لیح" لە چوار دەورەدا رووی داوە:

شـــەڕی یەکـــەم، ١٦٢٠-١٦٢١، شـــەڕی دووەم، ١٦٣٣-١٦٣٤، شـەڕی سـێـیـەم، ١٦٧٢-١٦٧٦، شەڕی چوارەم، ١٦٨٣-١٦٩٩ی زایینی.

وەک پێشتر باسمان کرد ئەم شەڕانە لەسەر ناوچەی مێژوویی و کۆنی "پۆدۆلیا" بووە.

کـەوابوو ئەو شـەڕەی کـە "شـەمعی" باسی دەکـات و دەڵێت "دوای ماوەیەک" پاش "تەئریخی ١٠٨٣ی کۆچی ١٦٧٢/ی ز/ دیسـان " فـەرمـانی پادشـاهـ دەرچوو کـە بچن بۆ سەفەری "لیح"؛ دەبێتە درێژەی شەڕی سێیەمی نێـوان ئەم دوو ئـیـمـپـراتۆریانە کـە وادیارە "سـەرجـەم حاکـمـانی کـوردسـتـان"یش تێیدا بەشدار بووبوون. لە کاتێکدا پێشتریش دوو جار شەڕی "لیح" رووی دابوو.

رێک شـەڕی سـێـیـەم لەسـەر داگـیـرکـردنی قـەڵای زۆر ستـراتیـژیکی "قمـاینە" بووە، بەڵام وادیارە شەمعی زۆر ئاگاداری هەلومەرجەکە و شەڕەکانی پێشـتر کە لە دوو دەورەدا روویان دابوو، نەبووە.

ئیـمـپـراتۆریەتی عـوسـمـانی و هاوپەیمانی پۆڵەندا-لیتڤانی ("لیح")، شەڕی یەکەمیان (١٦٢٠-١٦٢١ی ز) بۆ داگیـرکـردنی میـرنشـینی "مۆڵداڤیا" دەستی پێ کـــردووە و پێکدادانی ســەرەکی نێـــوانیـــان لەســـەر داگـیـرکـردنی قـەڵای "خوتەن (خـۆتین)" بووە (دواتر لە خالی ٩دا، باسی ئەم قەڵایە دەکەین)، سەرەنجام ساڵی ١٦٢١ی ز، "رێککەوتنی خـۆتین"یان واژۆ کـرد و ئەم قـەڵایە کـەوتە ژێر دەسـەڵاتی عـوسـمـانی، یان مـیـری دەسـتنیـشـانـدەی، لە بەرانبـەردا تەتەرەکـانی کـریمە و عـوسـمـانیـیـەکـان چیـتـر نەیاندەتوانی هێـرش بەرنە سـەر ئۆکراینیا و پۆڵەندا.

لەم شـەڕەدا، بەشـێـک لە مـیـرنشـیـنی مـەسـیـحـی-ئۆرتۆدۆکسی "مۆڵداڤیا" لەگەڵ عوسمانییەکان بوون و بەشـێـکیـشـیـان لەگـەڵ پۆڵەندا-لیـتـڤانی کـەوتبـوون. میـرنشینە مـەسیحییـەکانی ئۆرتۆدۆکسی "ڤالاچیا" و "ترانسیلوانیا"(٧١) لە بەرەی عـوسـمـانیـیـەکـاندا بوون (واتە سوپای "ئیسلام" و "کافرەکان" پێکەوەبوون!).

سوڵتان مرادی سێیەم لە ساڵی ١٦٣٣ی زایینیدا، بە هەمـان پێکهاتەی شەڕی یەکـەم و بە کـەڵک وەرگـرتن لە شـــەڕی نێـــوان دەوڵەتی پۆڵەندا-لیـــتـــڤـانی لەگـــەڵ ئیـمـپـراتۆریەتی رووسـیـا، "جیـهـاد"ی لەدژی پۆڵەندا-لیتڤانی ڕاگەیاند و یەک ساڵ درێژەی کێشا، بەڵام پاش شکسـتی رووسـەکـان لە پۆڵەندییـەکـان، سـوڵتـانی عوسمانی "ئاشتی هەمیشەیی" لەگەڵ دەوڵەتی پۆڵەندا-لیڤانی ڕاگەیاند.

شەڕی سێیەم لە ساڵی ١٦٧٢ی زایینیدا، دەست پێ دەکـات و تا سـاڵی ١٦٧٦ درێژە دەکـێـشێ. سـوڵتـان مـحـەمـەدی چوارم لە سـاڵی ١٦٦٩دا، پاش رێککەوتن لەگەڵ "دۆرۆشێنکۆ" سەرکردەی بەشێک لە کازاکەکانی ئۆکراینی گـەرەکی بوو باڵی ڕاستی رووباری "دنێپـەر" داگیر بکات. ئەم شەڕەیە کە "شەمعی" بەناوی شـەڕی "لیح" ئاماژەی پێ کردووە و دوو قۆناغی، ساڵی ١٦٧٢ و ساڵانی ١٦٧٣- ١٦٧٦ لەخۆ دەگرێ.

لە قۆناغی یەکەمدا، بەهۆی لاوازی هێزەکانی و کێشە نێوخۆییەکانی، دەوڵەتی پۆڵەندا-لیتڤانی ناچار ملی دا بۆ ڕادەستکردنی باڵی ڕاستی "دنێپەر" بۆ ژێر دەسەڵاتی "دۆرۆشێنکۆ"ی دەستنیشـانـدەی دەوڵەتی عـوسـمـانی و قـەڵای "قـمـاینە" و ناوچەی "پۆدۆلیـا"ش کـەوتە ژێر دەســـەڵاتی تورکـــەکــــان (بەپێی رێککەوتنامــــەی "بووچاچ")(٧٢).

لە سـاڵی ١٦٧٣دا، ئەم رێککەوتنامـەیە لە لایەن مـەجلسی پۆڵەندا-لیـتـڤـانی (سێم)، هەڵوەشێنرایەوە و دیسان شـەڕی نێوانیان هەڵدایسێ. یارمەتی هێزەکانی ئیـمـپـراتۆریەتی رووسـیاش ئاکـامێکی نابێ، سەرەنجام لایەنەکـان دیسـان رێککەوتنی ئاشـتی "ژۆراڤنۆ" واژۆ دەکەن و یەک لەسەر سێی خاکی ئۆکراینیا دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی(٧٣).

سەرنجڕاکێشە لەم شەڕەدا، "عەسکەری ئیسلام" جگە

لە هێزی "سەرجەم حاکمانی کوردستان"بریتی بووە لە سوپای میرنشینی مەسیحی-ئۆرتۆدۆکسی "مۆڵداڤیا" و بەشێکی زۆری مەسیحییە ئۆرتۆدۆکسەکانی ژێر فەرمانی "دۆرۆشێنکۆ"ی کازاکی ئۆکراینی، هەڵبەت بەشێکی دیکەیان کەوتبوونە لایەنەکی دیکەی ئەم شەڕە، بەڵام سوپای میرنشینی "ڤالاچیا"، ئەم جارە لە بەرەی پۆڵەندییەکان بەشەڕ هاتوون.

لێرەدا ئیتر باسی شەڕی چوارەمی نێوان عوسمانی و پۆڵەندا-لیتڤانی ناکەین، چونکە "شەمعی" باسی نەکردووە.

**٨) قەڵای "قماینە"**

وەک پێشتر باس کرا "شەمعی" دەڵێ:

"لە تەئریخی ١٠٨٣ی کۆچی١٦٧٢/ز/دا، کە سوڵتان محەمەدی غازی چوو بۆ سەفەری «قماینە»، فەرمانی پیرۆزی گەیشتە حەسەن پاشای والی دیاربەکر، کە لەگەڵ سەرجەم حاکمانی کوردستاندا بچن بۆ سەفەری قماینە".

لە ژێرنووسی یەکەمی ئەم لاپەڕەیەدا، سوڵتانی سەبارەت بە واتای "قماینە" دەڵێ:

"حونجەی ئەم ناوە و شوێنایەتییەکەیم بۆ روون نەبووەوە".

"قماینە"، واتای تورکی عوسمانییە بۆ ناوی شار و قەڵای "کامێنیتس-پۆدۆلسکی"(٧٤) کە ئەو سەردەمی وەک کلیلی داگیرکردنی ناوچەی "پۆدۆلیا"ی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی "پۆڵەندا-لیتڤانی" دەژمێررا و هەنووکە شارێکە لە ویلایەتی "خمێلنیتسکی"(٧٥) لە رۆژاوای وڵاتی ئۆکراینیا و لەسەر رووباری "سمۆتریچ"(٧٦).

قەڵای "کامێنیتس-پۆدۆلسکی" کە هاوشان لەگەڵ شارەکانی "لڤۆڤ" و "کییەڤ"، سێ شاری زۆر گرینگی بازرگانی و پیشەسازی دەستی ئەو سەردەمەی ئەوروپا بووە، لە ١٨ی ئابی ١٦٧٢ی ز.دا (٢٤ی مانگی رەبیعی دووەمی ١٠٨٣ی ک)، لەلایەن سوپای عوسمانی بە فەرماندەیی "فازل ئەحمەد پاشا"ی مەزنە وەزیری سوڵتان محەمەدی چوارەم، گەمارۆ دەدرێت و سەرەنجام لە ٣٠ی (ئاب)ی هەمان ساڵدا داگیر دەکرێت.

لەم شەڕەشدا جگە لە تەتەرەکانی کریمە و (بەگوێرەی "شەمعی") "سەرجەم حاکمانی کوردستان"، هێزە کازاکەکانی ئۆکراینیا بە فەرماندەیی "دۆرۆشێنکۆ"ی مەسیحی ئۆرتۆدۆکس، شان بەشانی هێزەکانی عوسمانی بەشدار بووبوون.

پاش شکستهێنانی لەم شەڕەدا، دەوڵەتی "پۆڵەندا - لیتڤانی" ناچار دەبێ رێککەتنامەی ئاشتی "بووچاچ" لەگەڵ عوسمانی واژۆ بکات و ناوچەی "پۆدۆلیا" بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ، بەتەواوی لەدەست دەدات(٧٧).

**٩) قەڵای "خوتەن"**

"شەمعی" لە بەشی "مێژووی حاکمانی پاڵوو"دا، دەڵێت:

"میر محەمەد بە یارمەتی هۆز و عەشیرەتەکان، بوو بە حاکمی سەربەخۆی پاڵوو، کاتێک سوڵتانی عوسمانی سەفەری شاری «خوتەن»ی کرد، فەرمانی بە ئەمیر محەمەد بەگ دا، بەرەو لای قزڵباش و شوێنێک بەناوی «کولەک بابا» بڕوات.

میرمحەمەد بەگ، فەرمانی پیرۆزی بەجێ هێناو بە ئامانجی پارێزگاریکردن، بەعەسکەرەوە بەرەو لای «کولەک (بابا)» رۆیی، چەند ئاغایەکیشی بەرەو سەفەری «خوتەن» نارد"(٧٨).

گەڕان بەدوای شوێنێک بەناوی "کولەک بابا" لە لای "قزڵباشان"، واتە لەژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکاندا، بۆ نووسەری ئەم دەقە ئاکامی نەبوو، بەڵام سەبارەت بە "خوتەن":

"خوتەن"، یان "خۆتین"(٧٩)، قەڵا و شارێکە لە ناوچەی "پۆدۆلیا" لە باشووری شاری "کامێنیتس-پۆدۆلسکی" کە ئێستا باژێرێکی سەر بە ویلایەتی "چوێرنی ڤێتسکا"یە لە رۆژاوای ئۆکراینیا و لە کەنار رووباری "دنێستر".

"شەڕی خۆتین لە ساڵی ١٦٧٣ی ز"(٨٠) لە مێژووی شەڕەکانی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و پاشایەتی پۆڵەندا-لیتڤانی" بەناوبانگە.

لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٦٧٣ی زایینیدا، سوپای عوسمانی و هاوپەیمانەکانی پاش داگیرکردنی قەڵای "کامێنیتس-پۆدۆلسکی"، بە فەرماندەیی "حوسێن پاشا" هێرش دەکەنە سەر قەڵای پتەوی "خۆتین". هێزەکانی دەوڵەتی "پۆڵەندا-لیتڤانی" لە ژێر فەرمانی شازادەی بەناوبانگی پۆڵۆنی، "یان

سۆبێسکی" دەبن.

لەم شەڕەدا سوپای عوسمانی تێکدەشکێ و ناچار بەرەو قەڵای "کامێنیتس-پۆدۆلسکی" پاشەکشە دەکاتەوە، ئەگەرچی ئەم سەرکەوتنەی پۆڵۆنییەکان، گۆڕانکارییەک لە بەرەکانی دیکەی شەڕی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە پێک ناهێنێت، بەڵام پێگەی دەوڵەتی پۆڵەندا-لیتڤانی لەنێو وڵاتانی ئەوروپادا گەلێک بەرز دەکاتەوە و نازناوی "شێری خۆتین" دەدرێ بە "یان سۆبێسکی" کە پاش کەمتر لەساڵێکش (٢١ی ئایاری ١٦٧٤)، دەبێتە پادشای پۆڵەندا-لیتڤانی و لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٦٨٣ی زایینیشدا بەفریای شاری "ڤیەن" دەکەوێ و لەوێش لە ماوەی دوو ڕۆژدا شکستێکی مەزن بە هێزەکانی سوڵتان محەمەدی چوارەم و هاوپەیمانەکانی دێنن، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی پاشەکشەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ئەوروپا و باڵکان(٨١).

"شەمعی" باسی ئەم شکستەشی نەکردووە.

**پەراوێزەکان:**

٣٤- سێدۆڤ، ل ٤٨٩ - ٤٩٠.

٣٥- ئوزون ئیبراهیم پاشا (Uzun Ibrahim Pasa).

٣٦- سێدۆڤ، ل ٤٩٨ - ٤٩٩.

٣٧- یافارۆڤا، ٢٠١٧، ل ١٣٤ - ١٣٨، ١٦٢ - ١٧٢.

٣٨- هەمان سەرچاوە، ل ١٢٠.

٣٩- Patrik Gordon 1635-1699 ژەنەڕاڵ و ئادمیراڵی بەناوبانگی سوپای ڕووس، بەڕەچەڵەک سکۆتلەندی، فەرماندەی لەشکر لە هەردوو شەڕی قەڵای "چەهرین"، دوایین کەس بووە قەڵای جێ هێشتووە. لە ڕووسیا پتر بەناوی "پێتر ئیڤانۆڤیچ گۆردۆن" ناسراوە.

٤٠- فلۆریا، ٢٠١٦، ل ١٢٧ - ١٢٨.

٤١- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

٤٢- Kermen Kizi قەڵایەکی عوسمانی بووە لە کەنار لێواری باشووری ڕووباری "دنێپر". ئێستا بەناوی "بێریسلاڤ Berislav"، لە ناوچەی "خێرسۆن"ی ئۆکراینیا هەڵکەوتووە.

٤٣- پاپۆڤ، ل ٣٠٣ - ٣٠٤.

٤٤- فێدۆسۆڤ، ل ١٤٣ - ١٤٤.

٤٥- دوو ذەیل، ل ٣٨.

٤٦- پاپۆڤ، ل ٣١١.

٤٧- گۆردۆن، ل ٨١ - ٨٩ // پاپۆڤ، ل ٣١٨ - ٣٢٠ // ڤۆدارسکی، ل ٥٢٧ - ٥٢٨.

٤٨- دوو ذەیل، ل ٤٠، ٣٩.

٤٩- Isaccea لە ناوچەی "پۆدۆلیا"، هەنووکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ڕۆمانیای و لە کەنار ڕووباری "دانووب" هەڵکەوتووە.

٥٠- WallaChia ڤالاچیا پاشایەتییەکی بەهێزی سەدەکانی ناوەڕاست بووە کە ناوچەکەی ئێستا کەوتووەتە باشووری ڕۆمانیا و یەکەم جار لە ساڵی ٥٥١ی زایینیدا ناوی ئەم ناوچەیە لە نووسراوەی مێژوونووسی بیزانسی "یۆردانس Jor-danes"دا، هاتووە و دانیشتوانی پەیڕەوی ئایینی مەسیحی ئۆرتۆدۆکۆس بوون.

٥١- پاشایەتی مۆڵداڤیا لە سەدەکانی ١٤ تا ١٩ی زایینی دەسەڵاتی هەبووە و بەشێک لە خاکەکەی هەنووکە کەوتووەتە وڵاتی ڕۆمانیا و لە کۆماری مۆڵداڤیای ئێستا، دابڕاوە. دانیشتوانی پەیڕەوی ئایینی مەسیحی ئۆرتۆدۆکۆس بوون.

٥٢- "کازاک"، یان بە ڕووسی کۆن، "کۆزاک"، پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی ئێتنیکی بوون لە دەوروبەری ڕووبارەکانی "دۆن" و "دنێپر" لە ئۆکراینیا و ڕووسیا کە سەدان ساڵ بەسەربەخۆیی لەم ناوچانە ژیاون. لە جەنگاوەری و سوارکاریدا بەناوبانگ بوون. بەشێکی بەرچاو و گرینگ لە سوپای ئیمپراتۆریای ڕووسیایان پێک هێنابوو. "کازاک" جیاوازە لە "قەزاق"، دانیشتوانی ناوچەی "قەزاقستان".

٥٣- (Yuri Khmelnitsky 1641-1685 کوڕی بۆگدان خمێلنیتسکی) گێتمان (ئاتامان)ێکی ئۆکراینی بووە کە لە دژی دەسەڵاتی پۆڵەندا-لیتڤانی بۆ سەربەخۆیی کازاکەکانی "زاپارۆژیا"ی ئۆکراینیا تێکۆشاوە، بەڵام هاوپەیمانەتی لەگەڵ عوسمانییەکان هەڵبژاردووە؛ پەیرەوی ئایینی مەسیحی ئۆرتۆدۆکۆس بووە.

٥٤- لە ناوچەی "پۆدۆلیا".

٥٥- پاڤۆڤ، ل ٣٠٤.

٥٦- ڤۆدارسکی، ل ٥٢٨.

57- De la Croix, p. 143 - 144.

٥٨- François Pétis De la Croix دیپلۆمات و مێژوونووس لە کاتی شەڕی "چەهرین"دا، سکرتێر و وەرگێڕی باڵوێزخانەی فڕەنسا لە ئیستانبوڵ بووە.

٥٩- بۆگدانۆڤ، ١٨٠ - ١٨١.

60- Treaty Bakhchiserai.

٦١- سوپای عوسمانی بە ٢٠٠ هەزار سەرباز و ٤٥ هەزار "یەنیچەری" و ٣٠٠ تۆپ، لە ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٦٨٣ی زایینیدا، گەمارۆی شاری "ڤیەن" دەست پێ دەکات، بەڵام دوو مانگی پێناچێ کە تێک دەشکێ، ئەمەش دەبێتە دەستپێکی کۆتاییهاتنی باڵادەستیی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە ئەوروپا.

بۆ نموونە لە: 62- De la Croix, p. 142.

٦٣- دوو ذەیل، ل ٣٨، پەراوێزی ژمارە ٢: "نەمزانی عەسکەری سرکە، یان سیرکە کێن؟".

64- Ivan Sirko 1610-1680.

٦٥- فێدۆرۆڤسکی، ل ٩٥.

66- Bohdan Khmelnitsky 1595-1657

باوکی یووری خمێلنیتسکی

٦٧- ئێڤارنیتسکی، ل ١٢٠.

٦٨- سەرچاوەی ژمارە ١٦٠.

٦٩- دوو ذەیل، ل ٦١.

٧٠- ڕاستییەکەی "Leh" بووە کە بە زمانە سلاڤییەکان دەنگی "ه"، دەبێتە "خ" و لە تورکی عوسمانیش بووەتە "ح". Lech (nex) ناوی میرێکی بەناوبانگی یەکێک لە هۆزەکانی سلاڤیان بووە و واتای "لێهستان" لە هێندێک لە زمانەکاندا بۆ وڵاتی پۆڵەندا، بۆ ناوی ئەم کەسایەتییە دەگەڕێتەوە، گوایە لەگەڵ کەسایەتییەک بەناوی "ڕووس" (وەک بنەچەی نەتەوەی ڕووس) و کەسێکی دیکە بەناوی "چێک، یان چێخ" (وەک بنەچەی نەتەوەی چێکی)، برا بوون.

71- Principality of Trasylvania (1570-1711).

لە بەشێک لە وڵاتی ئێستای ڕۆمانیا.

٧٢- سەرچاوەی ژمارە ١٧.

٧٣- هەمان سەرچاوە.

74- Kamenets-Podolsi.

75- Khmelnytski Oblast.

76- Smotrych River.

77- Davies, Brian L (2007). Warfare, State and Society on the Black Sea Steppe, 1500?1700. London: Routledge.// Davies, Brian L (2007). Mata Encyklopedia Wojskowa, Tom 2.

٧٨- دوو ذەیل، ل ٤٩، ٤٨.

79- Khotyn

80- Battle Khotyn (1673).

81- Damian Ortowski - Chocim 1673., seria: ((Historyczne bitwy)), Bellona, Warszawa 2007, 2008.

**سەرچاوەکان:**


١- شەمعی، محەمەد ئیبراهیم ئەردەلانی. دوو ذەیلی شەرەفنامەی بتلیسی. ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥.

٢- مصطفی بن عبدالله حاجی خەلیفە، ترجمه تقویم التواریخ، (محصص) هاشم محدث، میراث مکتوب، ١٣٨٤ تهران.

٣- یافارۆڤا م.پ. پێکدادانە سەربازییەکانی ڕووس-عوسمانی// توێژینەوەی زانستی بۆ وەدەستهێنانی ئاستی دوکتۆرای زانستە مێژووییەکان.

٤- کارگالۆڤ ڤ.ڤ. هێزە پیادەکانی سەدەی ١٧ی زایینی، ١٩٩٠.

٥- سیدۆڤ پ.ڤ. بەرگری لە چیگیرین (چەهرین) لە ساڵی ١٦٧٧ی ز.// دەوڵەتی ڕووسیا لە سەدەکانی ١٤ - ١٧ی ز. سانپێترسبوورگ.

٦- فلۆریا ب. ن. شەڕەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا (١٦٧٢ - ١٦٨١ی ز.) // ئیمپراتۆریای عوسمانی و وڵاتانی نێوەڕاست و ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا لە سەدەی ١٧ی ز. بەشی ٢. مۆسکۆ، ٢٠٠١.

٧- پاپۆڤ ئا. ن. شەڕی تورک لە سەردەمی قەیسەر فیۆدۆر ئەلێکسەڤیچ // هەواڵنامەی ڕووسی، بەرگی ٨، مۆسکۆ، ١٨٥٧.

٨- فیدۆسۆڤ د. گ. (سەرهەنگ و ئەندازیار)، لە دژی "قاپی".

٩- ڤۆدارسکی یا. ی. بارودۆخی نێونەتەوەیی دەوڵەتی ڕووسیا و شەڕی ڕووس-تورک لە ساڵانی ١٦٧٦ - ١٦٨١ // کورتە باسێکی مێژووی یەکێتیی سۆڤیەت، مۆسکۆ، ١٩٥٥.

١٠- گۆردۆن پ. بیرەوەرییەکانی ١٦٧٧ - ١٦٨٨ی ز، مۆسکۆ، ٢٠٠٥.

١١- بۆگدانۆڤ ئا. ن. چۆنێتی دەستهەڵگرتن لە چیگیرین (چەهرین)؛ پێودانگەکانی پەسەندکردنی ڕێکارە ستراتیژیکییەکان لە شەڕی ڕووس- تورک لە ساڵانی ١٦٧٣ - ١٦٨١ // ساڵنامەی ئانترۆپۆلۆگیای مێژوویی شەڕ ٢٠٠٣ - ٢٠٠٤. مۆسکۆ، ٢٠٠٥.

١٢- فیدۆرۆڤسکی یو. ر. مێژووی کازاکەکانی ئۆکراینیا. ٢٠٠٦.

١٣- ئیڤارنیتسکی د.ئی. ئاتامانی مەزنی کازاکەکانی زاپارۆژیای خواروو، ئیڤان دمیتریئۆڤیچ سیرکۆ، سانپێترسبوورگ، ١٨٤٩.

١٤- ئاتامان سیرکۆ. مێژووی فرە سەرنجڕاکێشی شێوازی ژیانی کازاکەکان.

15- Brian Davies. The Second Chigirin Campaign: Late Muscovite Military Power in Transition // The military and society in Russia: 1450-1917. Edited by Eric Lohr and Marshall Poe. (History of warfare. - Vol. 14.) - Leiden: Brill, 2002.

16- De la Croix F. Guerres des Turcs avec la Pologne, la Moscovie et la Hongrie. La Haye, 1689.

17- Tucker, S.C., editor, 2010, A Global Chronology of Conflict, Vol. Two, Santa Barbara: ABC-CLIO, LLC.

18- Damian Ortowski - Chocim 1673., seria: Historyczne bitwy, Bellona, Warszawa 2007, 2008.

19- Mata Encyklopedia Wojskowa, Wydawnictwo Ministerstwa Obrony Narodowej, Warszawa 1967, Wydanie I, Tom 2.